2005/09/16

# ڕیفۆرم بە هۆشیاری، نەک وەکو یاری! ... مەهاباد قەرەداغی

کوردستان پێویستە ڕۆژبەڕۆژ گەشە بکات و خەڵکی کوردستان پێویستە ڕۆژبەڕۆژ پێش بکەون. گەشەسەندنەکانی دنیا بە خێرایی موشەکن، با ئێمە وەک کیسەڵێکی تەمبەڵ خنەخن نەکەین و بەدەوری خۆماندا نەخولێینەوە. دەرفەتەکان ئەوەتان لەبەردەستدان، با لەدەستیان نەدەین و نەیانکوژین. کوشتنی دەرفەت خۆکوشتنە!

دیاردەی گەندەڵی ئیداری و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، بە بارتەقای تیرۆر و دیاردەی تیرۆریستی ترسناکە وەک چۆن هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە پێویستە بە هەموو هێزی خۆمان ڕووبەڕووی دیاردەی تیرۆر ببینەوە، ئاواهیش پێویستە ڕووبەڕووی دیاردەی گەندەڵی ببینەوە. چاوپۆشین لە گەندەڵی بە قەدەر چاوپۆشین لە تیرۆر ترسناکە. ئەوەی لە پێناوی بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیدا چاو لەگەندەڵی بپۆشێ و بێدەنگ بێت لێیان، ناتوانێ بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتیمان بپارێزێت، هەزار سوێندی یاساییشی خواردبێت !

بە بڕوای من هەر بەرپرسێیک کە ڕۆژانە هاوڵاتی بێزار دەکات و کاری دوادەخات و پۆز و فیزی بەسەردا لێدەدا وا لەو هاوڵاتییە دەکات ئەگەر بە ئاشکراش نەبێت لە دڵی خۆیدا هەزار جنێو بە حکومەت بدات، ئەوە مەسئولێکی نامەسئولە و پێویستە لەسەر ئەو ڕەفتارەی سزا بدرێت. بەرپرس ئەگەر گەندەڵی کرد و بۆی بەسەرچوو بەردەوامی پێدەدات و زیاتریشی دەکات. ئەوەپێی ناگوترێ سزا وەزیرێک لەسەر کارێکی خراپ لە وەزارەتێکەوە بۆ یەکێکی دی بگوێزرێتەوە، یان پلە و پایەی بەرزتر بکرێت. ئەوە ناوی لێ نانرێت ڕیفۆرم یان چاکسازی کە تەنها بەرپرسی بچووک لەسەر گەندەڵکاری سزا بدرێت و زلگەندەڵکاران لە سزا دەرباز بن. تکایە با دەست بە ڕیفۆرمی ڕاستەقینە بکەین و هەوڵ بدەین کوردستان بگەیەنینە بەندەرێکی ئارام.

کارنامەکانمان هەرچەندە جوان و پێشکەوتوو بن ئەگەر زەمینە بۆ پراکتیک کردنیان خۆش نەکەین، هەر مەرەکەبە و کاغەزی نەخشاندووە. تۆ ناتوانی بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو بە ئامرازی دواکەوتوو، بە شێوازی کۆن، بە کەسانی ناکارا و تاریکبیر بۆ پێشەوە ببەی. تۆ ناتوانی بە کەسانی گەندەڵکار چاکسازی بکەی، چونکە خودی ئەو کەسانە پێویستە بخرێنە خولی فێرکردنەوە و چاکسازی لەسەر ڕەوشت و ڕەفتاریان بکرێت.

گەندەڵی بەم ڕۆژگارە لە شوێنە گشتی و تایبەتییەکان، لە دام و دەزگا و وەزارەتەکان، لەماڵەکان و سەرشەقامەکان ڕوودەدەن و تا دێ ڕەوتی کۆمەڵگەی ئێمە بەرەو ناشارستانیبوون دەبەن. سکاڵاکان ناگەنە جێ و، خەڵک لەبەرخۆیەوە بۆڵەبۆڵێتی. کە باسی هەر کەموکوڕییەکیش دەکەی جەنابی بەرپرس دەڵێ: بابە خۆ ئێرە ئەوروپا نییە، ئێرە کوردستانە! (تا ئێستا دەیان جار ئەم وەڵامە بە من دراوەتەوە.)

- بۆ دەبێ کوردستان وابێت؟
- کێ بەرپرسیارە لە وا بوونی؟ خوا، خەڵک یان حکومەت؟
- وەک ناتوانین خۆمان شتێکی نوێ دابهێنین، بۆ دەبێ نەتوانین هیچ نەبێت لە شتە سادە و ساکارەکاندا لاسایی ئەوروپاییەکان بکەینەوە؟ وەکو: ڕێزگرتنی کات، ڕێکخستنی کاروبار، پاکوخاوێنی، ڕیزگرتن و نۆرەنەبڕین لە یەکتری.
- بۆ دەبێ هەموو شتێک بە واستە بکرێت و ئەوەی واستەی نەبێت پێویست بێت هەتا ماوە کاری بەڕێوە نەچێت و لە خەفەتان پەنگ بخواتەوە؟

•بۆ دەبێت وەزیر ئەوەندە فیزی زل و لووتی بەرز بێت و وەک مەڕومالآت بڕوانیتە کارمەندەکانی وەزارەتەکەی؟
•بۆ دەبێت ئەگەر سەرۆکی دایەرەیەک یان وەزارەتێک بۆ کار و فەرمانێک بۆ ماوەیەک وڵاتی بەجێهێشت ئیتر لەو دایەرەیە کارو فەرمان بوەستێت؟
•چۆن دەبێت ئیمزای وەزیرێک سێ مانگ یان زیاتر و هەندێ جار ساڵێک بخایەنێت؟ ئەمە چ ناوێکی لێ دەنرێت؟ ڕۆتین؟ ئەی ئەمە گەندەڵی نەبێت. چییە؟؟
•بۆ دەبێت هەندێ کتێبی قوتابخانەکان ئێستاش وێنەی سەددام یان قسەیەکی نانەستەقی سەددامی دیکتاتۆری پێوە بێت؟ (من بە دەستی خۆم دوێنێ دوو لاپەڕەم دڕاند. )
•بۆ دەبێ ڕۆژنامەنووسێ لەسەر دێڕێک سزا بدرێ و مەحکەمە بکرێ چونکە باسی گەندەڵکاری کردووە، یان کەموکوڕییەکی ئاماژەپێداوە؟
•بۆ دەبێ مامۆستای زانکۆ، وەک ئەوەی سەرباز بێت، بێ ئەوەی لە خۆی پرسرابێت بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی دی. چۆن دەبێ مامەڵەی زانکۆ سەربازی بێت؟
•چۆن دەتوانی باوەڕم پێ بهێنی وەزیرێک پێنج ژنی هەبێت و بشتوانێ کاری خۆی بە ڕێکوپێکی بکات؟ خۆ باسی تیۆری زانا و زانستەکانیش نەکەم، باسی پێشینانی نەخوێندەواری خۆمان دەکەم کە گوتوویانە: پیاوی دوو ژنە، جەرگی کوون کوونە! ئەی ئەگەر ئەم دوو ژنە بوو بە پێنج جەرگی چی بەسەر دێ؟ !
•ئێمە کە باسی دامودەزگای کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەین، کێ ئەم دامودەزگایانە بەڕێوەدەبات؟ ئاخۆ دیسانەوە پێوەری کارکردن لەو دامودەزگایانەدا خەباتی باوباپیرانمان دەبێت، پلە و پایەی حیزبیمان دەبێت، یان زانست و لێهاتوویی و کاراییمان؟
•کێ دەبێ چارەسەری ئەم دۆخە دژوارانە بکات، خوا یان ئەمریکا؟! سەرۆک، خەڵک، حیزبەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یان حکومەت؟ ئایا هەموو ئێمە بەرپرسیار نین لە چارەسەرکردنی ئەو دۆخانە؟
دەبیستم و دەبینم خەڵک و حکومەت، ڕووناکبیران و حکومەت، لاوان و حکومەت، گەنجان و حکومەت، ژنان و حکومەت، هەموو گلەیی و گازەندەیان لە یەکتری هەیە و بەرپرسیارێتی دۆخە دژوارەکان و کەموکوڕییەکان دەخەنە ئەوستۆی یەکتری و لەبازنەیەکی بەتاڵدا دەسوڕێنەوە. سەری داوەکە لە کوێندەرێیە؟ تا کەی هەر یەک لە ئێمە چاوەڕێی ئەویتر بین بۆ دەستپێکردن. ئەگەر هەرەوەزی هەموو لایەک نەبێت، کەس بە تەنها توانای چاکسازی نییە و، سەردەمی سیحر و پەرجوو نەماوە.
لە پێناوی ئەوەی کە داهاتووی کوردستان وەک ڕابردووی نەبێت و، کارنامە و بەرنامەکانمان بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی تۆزیان لێ نەنیشێت، پێویستە ئازایەتی ئەوەمان هەبێت ددان بەوەدا بنێین و بە خەتێکی درشت بنووسین بەڵێ گەندەڵی هەیە و دەستنیشانی گەندەڵیی و گەندەڵکارییەکان و گەندەڵکاران بکەین و بە هۆشیاری ڕیفۆرم دەست پێ بکەین. بۆ ئەوەی دەستەواژەی ڕیفۆرم و چاکسازیش وەک وشە و دەستەواژەکانی دی نەسوێن و بایەخی خۆیان نەدۆڕێنن، دەبێ بەهۆشیاری مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.
گەندەڵکار کێیە؟ چی دەکات؟ گەندەڵکاری چۆن دەستنیشان بکەین؟
وەزیرێک یان مودیرێک تەنها بە لەبەرکردنی قات و بۆینباخ نرخ و بایەخ پەیدا ناکات، بە کار و خزمەتەکانی دەبێتە خۆشەویستی خەڵک. تۆ ئەگەر خەڵک خۆشی نەویستی، سبەی خۆشت ڕقت لە خۆت دەبێتەوە. تۆ ئەگەر خۆشەویستی خەڵک نەبوویت و تەنها لە ناو هاوپیشەکانی خۆتدا قەدر و قیمەتت هەبوو، مانای ئەوەیە تۆ بەرپرسێکی نابەرپرسی.

تۆ ئەگەر خەڵک لێت ترسان و لەبەر ترس (نەک ڕێز) لەبەرت هەڵسان و دەست لەسەر سینگ لەبەرامبەرت ڕاوەستان و نەیانوێرا تەماشای نێوچاوت بکەن، مانای ئەوەیە تۆ ترسناکی و هێز و دەسەڵاتت بۆ تۆقاندن بەکارهێناوە.
تۆ ئەگەر خەڵکت کڕی و کردتن بە گروپی خۆت تا لە کاتی پێویستدا بیاندەی بە گژ کەس و گروپی نەیارت، مانای ئەوەیە تۆ نەتتوانیوە بە کارەکانت سەرنجی خەڵک ڕابکێشیت و خۆشەویستی ئەوان دەستەبەر بکەیت.
تۆ ئەگەر ئیمزایەک کە بە دوو چرکە دەکرێت، بە دوو مانگ یان شەش مانگ یان ساڵێ کردت تەنها لەبەر ئەوەی خەڵک پێیان وابێت گرنگیت، دڵنیابە لەوەی کە ئەوە گرنگی تۆ ناگەیەنێت، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ بەرپرسێکی سست و ناشایستەیت.
تۆ ئەگەر وەڵامی داخوازی هاوڵاتییەک نەدەیتەوە و وای لێبکەیت کە هەست بە بێدەسەڵاتی خۆی بکات لەبەرامبەر تۆی دەسەڵاتدار، مانای ئەوەیە تۆ دەسەڵات بە هەڵە بەکار دەهێنێت و پێویستە لەسەر ئەوە سزا بدرێیت.
کە قەرەباڵغی لە دائیرەکەتدا زۆرە و لەبەر ئاپۆڕەی موراجیع ڕێ بەرناکەوێ، مانای ئەوە نییە فەرمانگەکەت فەرمانگەیەکی خزمەتگوزارە، بە پێچەوانەوە مانای ئەوەیە تۆ خزمەتگوزار نیت و کاری ئەمڕۆ دەخەیتە سێ مانگی تر و هەزاران فایل کەڵەکەیان کردووە بەسەرتا و سەریان قاڵکردووی.
تۆ ئەگەر هاوڕێیەک یان خزمێکت لە لاتە و سکرتێرەکەت بە موراجیع دەڵێ: کۆبوونەوەی هەیە. ئەوە کاتی خەڵک بە خزم و هاوڕێکانت دەبەخشی. دەتوانی لەدوای دەوام و لە ماڵی خۆت پێشوازی لە هاوڕێ بکەی، شوێنی کار، تەنها بۆ کارە.
تۆ ئەگەر بە شایستەیی و لێهاتوویی خۆت پلە و پایەت وەرنەگرتووە و بەهۆی برا شەهیدەکەکەتەوە کراوی بە بەرپرسی شوێنێ و لەو شوێنەدا خۆت بە خودا دەزانی و خەڵک بە عەبدی خۆت، ئەوە نەک زیان بە نیشتیمان بەڵکە زیان بە ناوی شەهیدەکەشت دەگەیەنیت و بەو ڕۆژگارە هەزار جنێو بۆ شەهیدەکەت دەڕوا.
تۆ ئەگەر خۆت هیچ نەبی، بەوە نابی بە شت کە کاربەدەستانی ناو دائیرەکەت بچەوسێنیتەوە و چاویان لێ سوور بکەیتەوە و نەوێرن لەبەردەمتدا فززە بکەن.
تۆ ئەگەر پارە بە خۆراییی بەفیڕۆ دەدەیت و بۆ خۆشی و ڕابواردنی خۆت سەرفیان دەکەیت، یان بەسەر لایەنگرانت دابەشیان دەکەیت تا چاو لە گەندەڵییەکانت بپۆشن، مانای ئەوە نییە دەستئاوەڵا و سەخییت، بەڵکە مانای ئەوەیە پارەی دەوڵەت بە تاڵان دەبەیت.
(تۆ) کەسێک، یان بەرپرسێکی دیاریکراو نییە، ئەو (تۆ) یە هەر بەرپرسێ دەگرێتەوە کە ئەو ڕەفتارانەی هەبێت. ئەو (تۆ) یە هی وەزارەتێک، دایەرەیەک، شارێک، شوێنێکی دیاریکراو نییە، مەخابن دەتوانێ لە هەر کونجێکی ئەم وڵاتە بێت لە سنووری دیارینەکراوی کوردستان، کە حەمرین تا زاخۆ دەگرێتەوە.
هەموو ئەوانەی کە باسکران، تەنها مشتێکن لە خەرواری، بۆ هەریەکێک دەیان بەڵگە هەیە، ئەمەیە شانبەشانی تیرۆر دڵی وڵاتی ئێمە کوناودەر دەکات. ئەمەیە کە پێویستە شانبەشانی تیرۆر بەرەنگاری ببینەوە. شێرپەنجەی گەندەڵی پێویستەوە لە ڕەگ و ڕیشەوە، ڕێک وەک شێرپەنجەی تیرۆر، بنبڕ بکرێت. ئەمەش بە پرۆسەیەک دەبێت، ئەو پرۆسەیەش ئەگەر سبەی دەست پێ بکات درەنگە، دەبوایە دوێنێ دەستپێبکرایە، بەڵام ئەگەر دوێنێ نەکرا، با ئەمڕۆ بێت، هەر ئێستا باشترە!
...

کوردستان/هەولێر